# فراكسیۆن وبلۆك بەندی جۆرێكی تره لەخەبات بۆخەڵكی كوردستان

فەرەیدون حەمەڕەشید  سویسرا
Faraidun_73@hotmail.com9. Februar 2005

دوای ئەوەی قۆناخی هەڵبژاردنەكانمان تێپەڕاندو,كوردبەپەرۆشەوە وەك ڕێگەچارەوئەلتەرناتیفی گوونجاو,دەرهەق بەمرۆ وبەلەبەرچاوگرتنی سیاسەتی وولاتانی زلهێزو ناوەندەبڕیاربەدەستەكان ,پشتگیرولایەنی ئەكتیقی سەرختنی هەڵبژاردنەكانی 31 ژانیوەر بوو,دوای دەركەوتن و ڕێژەی دەنگەكانیش دەچینە ناودەسێپێكی ململانێكی تر,

بۆشەڕی دەستوور وبیناكردنەوەی عێراقی نوێ,كەقسەكرنیش لەسەردەستوور ودەستوردانان كەسی یاسایی و پسپۆڕی بواری خۆی دەوێت بۆیە من ناتوانم خۆم لەقەرەی بدەم,

بەلام ئەوەی دەبێت بەسەرنجەوە تێیبرِوانین وهەڵوێستەی لەسەربكەین,كەهەنووكەش قسەی گەرموگوڕی لەسەردەكرێت,خۆئامادەكردن وگەڕانی فراكسیۆنی كوردی یە,بۆهاو

پەیمانێتی وئیهتلافێك,لەگەڵ لایەن وئایدیاجیاوازەكانی ناوگۆڕەپانی سیاسی عێراق,بەئامانجی زۆرترین ماف ودەسكەوت بۆخەڵكی كوردستان,كەئەمەش بۆكورد واتەگەمەی

,گەڕان بەشوێن فراوان كردن وبەهێزكردنی فراكسیۆنی كوردی,هەم سیاسەتێكی حەكیمانەو هەم ممارەسەیەكی ڕەوای پرۆسەی دیموكراسیە,بەلام ئەوەی دەبێت لەبەرچاوبگیرێ

وبەسەرنجەوەمامەڵەی لەگەڵدابكرێت.بلۆك بەندی و فراكسیۆن بازی بۆفراوانكردن وسەنگینی فراكسیۆنی كوردی,لەگەڵ كوام ڕەوت وبزوتنەوە سیاسیەكانی ناوگۆڕەپانەكەدا,

بكرێت,بێگوومان لیستی یەگرتووی شیعەكان پێویستیان بەهاوبەندیی فراكسیۆنی كوردی نیەو ڕكەبەری سەرسەخت ویەكەمیشمان دەبن ,گومانیش نیە كەبۆماوەیەكی كورت و

تاكتیكی لەهەندێ دەسكەوت ومەهامی مەزهەبی وتائیفی چاوپۆشی نەكەن بەمەبەستی ڕاكێشانی دەنگ ولیستەلاوازەكان,بۆناوفراكسیۆنەكەیان تابیكەنەفراكسیۆنی بڕیاردەر

,,, كوردیش بۆقورسایی وبەئاكتیفكردنی فراكسیۆنەكەی, باشترین ڕێگەچارەكەلەبەرچاوبگیرێت و وەك چەكێك شەڕی ماف وداخوازیەكانی پێ بكات ,فراكسیۆن بەندیە لەگەڵ تەواوی,ئەولیستانەی یان باڵێین ئەوكورسیانەی چەندە كەم وپەرشوبلاویش بن,بەلام هەڵگری شووناسی كەمەنەتەوەیەكانی عێراقبن , یان هەڵگری پەیامی دیموكراسی و, هەنگاوبەرەو بەسكولاریزمەبوونی كۆمەڵگابن گرەوی بردنەوەی ئەوگەمەیەكەكوردڕووبەڕووی دەبێتەوە,كەواتە ئەتوانین ڕاشكاوانەبڵێین,فراكسیۆنی كوردی بەهۆی ئەوقورسایی یەی چاوەڕوانی لێدەكرێت دەتوانێت ببێتەچەتری كۆكردنەوەی گشت ئەولیستە پەرشوبلاوانەی لەڕووی سەنگەوەلاوازونائاكتیف,لەناوەڕۆكیشدا نوێنەری كەمەنەتەوایەتیەكانن

یان پەرۆشی بنیادی كۆمەڵگایی مەدەنیبن, ڕێكردنی فراكسیۆنی كوردی بەم ئاراستەوئیهتلافیە,گەشبینیەكی زور ئەبەخشێتەداهاتووی نوێ و وەلام دەرەوەیی كارادەبێت بەهەر

دەنگێكی كۆنزێرڤاتیڤانە بیەوێت دەم لەوولاتێكی دینی وكۆمەڵگایی داخراوبكوتێت,,دەبێتە دەستەبەری مافەكانی ژنان وژیانی دیموكراسی وپێكەوەژیان وهاتنەدی مافەڕەواو

زەوتكراوەكانی خەڵكی كوردستان كەخەوی لەمێژینەمانە  دەرهەق بەسیاسەتی ئەمرۆی ناوچەیی وجیهان,,,,

,